# ڕاگەیاندنی پێکهێنانی
# کۆمیتەی پێشکەوتنخوازی کوردی ئوسترالیا دژی شەڕ

ئەمریکا لەسەروبەندی ئامادەکردنی دوایین پێویستیەکانی هەلگیرساندنی شەڕێکی خوێناوی گەورەی تره لە عێراقدا کە هەموو جۆرە چەکێکی کاولکاری و ڕەنگ بێ چەکی ئەتۆمیشی تیا بەکار بهێنێ .
دوای شەڕی کۆنەپەرستانەی کوەیت و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بۆ ماوەی ١٣ ساڵ بیانووی ئەمریکا بۆ شەڕی ئەمجارەیان بریتیە لە داماڵینی ئەو چەکە کۆمەڵکوژانەی کە ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە ئەمریکا و وولاتانی ئەوروپا وڕوسیا بۆ کوشتنی خەڵکی عێراق و خۆشکردنی ئاگری شەڕ لە ناوچەکەدا دەیان خستە بەردەست ڕژێمی فاشی عێراق .
بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەی ئەمریکا لەم شەڕەدا بریتیە لە گۆڕینی سیما و ڕواڵەتەکانی ڕژێمی عێراق و دامەزراندنی نیزامێکی پرۆ_ ئەمریکی لەو وولاتەدا وەکوو پیشەکیەک بۆ سەپاندنی ملهووڕی و دەسەلاتی تاقانەی خۆیان لە بواری ئابووری و سیاسی و سەربازی و ستراتیجی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و گۆڕینی زیاتری تەرازووی هێز لەناوچەکە بە قازانجی ئیسرائیل .

ئەو ئامانجانەش ئەڵقەیەکی تەواوکەرن لەهەولەکانی ئەمریکا بۆ پاوانکردنی دنیا و توندکردنەوەی هێرش بۆ سەر بەشەریەتی پێشکەوتووخواز و پاشەکشەکردن بە بزووتنەوەی گەشەکردووی دژی گلۆبالیزەیشن و هەر داخوازی و بزووتنەوەیەکی ڕەوا و ئینسانی لە دنیای هاوچەرخدا وپێشگرتن بەسەرهەڵدان و هاتنەمەیدانی قوتبی نوێ ی سەرمایەداری جیهانی وەکوو ئەوروپای یەکگرتوو .
بەشێکی زۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش بە ئیسلامی و قومی عەرەبی و کوردیەوە و ئەوانەش کە ئیدیعای دیموکراتی ئەکەن، لەم شەڕەدا لایەنگری ئەمریکا ئەکەن وپاساوی بۆ ئەهێننەوە ولەبەرەی ئەودا وەستاون و بەناوی گەلی عێراق و کوردەوە چەتری شەرعیەتی بۆ هەلئەدەن .
ئەگەرچی ڕژێمی بەعسیش لەئاکامی ئەم شەڕەدا بڕووخێت بەڵام قوربانی شەڕ و سیناریۆی سیاسی ئەمریکا خەڵکی زەحمەتکێش و تینووی ئازادین لە عێراقدا و ئەم شەڕە هەوڵی ئەوان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم بەشێوەی شۆڕشگێڕانە و هێنانە سەرکاری ڕژێمێک کە دابینکەری داخوازی و ئامانجەکانیان بێت ، لەباردەبات و مەسەلەی کورد و داخوازی ڕەوای خەڵکی کوردستان ئاڵۆزتر ئەکات و دووری ئەخاتەوە لە چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە وزەربە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کورد لەبەشەکانی تری کوردستانیش ئەدات.
ئەم شەڕە نەک هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی کوردی تیا نیە بەڵکوو کوردستانی عێراق ئەکات بە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی مەترسیدارترین جۆری چەک و کوشتار و هەر لە ئێستاوە تەماعی داگیرکارانەی تورکیای وورووژاندووە و هەزاران چەکداری سەر بە ئێران مۆڵگایان لەوێ خستووە و جمهوری ئیسلامی هەوڵ ئەدات بۆ بردنی بەشی خۆی لەم کێشە کۆنەپەرستانەیە و پێشێل کردنی داخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی ئێران و سەراسەری خەڵکی ئەو وولاتە .
زۆر ڕوونیشە کە ئەمریکا تەنانەت ئامادەی ئەوەش نیە کە پرۆژەی فیدرالی حیزبە قومیەکانی کوردستانیش بەڕەسمی بناسێنێت چ جای داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەلایەن خۆیانەوە وبەو پێیە ئەوە بۆ هەموو کەس ڕوونە کە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی نەئەیانەوێ و نەئەتوانن بەرژەوەندی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان دابین بکەن .
بەڵام لەولاشەوە ناڕەزایەتی لە دژی شەڕ و مەرامەکانی ئەمریکا زۆر بەرفراوان بۆتەوە و لەناوخۆی کوردستان و ناوچەکەشدا ناڕەزایەتی و نیگەرانی لەپەرەسەندن دایە .
جەماوەری خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەوە شان بەشانی گەلانی ناوچەکە و دنیا تێ ئەکۆشن بۆ ئازادی سیاسی و ژیانێکی شایستەی ئینسانی هاوچەرخ و خۆشگوزەرانی و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و لە دژی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ڕیشەکێشکردنی هەموو شوێنەوارەکانی زوڵمی نەتەوایەتی و هەر بۆیەش لەناوبردنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا ئەو مانایەی هەیە بۆ ئەوان .
ئێمە وەکوو کۆمەڵێکی زۆر لەکەسانی پێشکەوتنخوازی خەڵکی کوردستان لە ئوستراليا و بەجووت بوون لەگەڵ ئەو ئامانجانەی خەڵکی کوردستاندا کۆمیتەی دژی شەڕمان پێکهێنا و ڕای دەگەیەنین کە :

١ _ ئەم شەڕە پێچەوانەی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد و عێراق و گەلانی ناوچەکە و دنیایە و ئەبێ پێشی پێ بگیرێت . نە ئەمریکا و نەهیچ دەوڵەت و لایەنێکی تر مافی ئەوەیان نیە بەناوی خەڵکی کوردستان یا عێراقەوە شەڕ بەرپابکەن و ئەوە پێچەوانەی ئیرادەی ئەوانە .

٢ _ داگیرکردنی عێراق و گۆڕینی دیکتاتۆرێک بە یەکێکی تری نۆکەری ئەمریکا و هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەوبارەوە نەک خزمەت بەخەڵکی کوردستان و عێراق ناکات بەڵکوو زنجیرەی شەڕ و کارەسات و کۆنەپەرستی بەهێزترئەکات .

٣ _ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی عێراق و جۆری نیزامە سیاسیەکەی و چاری مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد لەگرەوی خەباتی سەربەخۆی خەڵکی عێراقدایە بە هاوکاری بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دنیا .

کۆمیتە بۆ ئەنجامدانی پەیام و ئامانجەکانی لەم ڕێگایانەوە هەوڵەکانی خۆی ئەدات :

١ _ بەشداری کردن لە هەموو خۆپیشاندان و چالاکیەکانی دژی شەڕ لە ئوستراليا و سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی و بزووتنەوەی دژی شەڕ بۆ مەترسی شەڕ و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەر گەلانی عێراق و ناوچەکە و ئامانجە ڕاستەقینەکانی ئەوان . هاوکاری و تەنسیق لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکاری و ئازادیخواز و چەپەکانی ئوستراليا لەوبارەوە.

٢ _ ڕێکخستنی کۆبوونەوە و سیمینار و گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و باقی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ، دەرکردنی بەیاننامە و نووسراوە بەزمانی جۆراوجۆر لە ئوستراليا ولە ناو جالیەی کوردی و باقی جالیەکان و لە ئاستی گشتی تردا و ڕێکخستنی کەمپەینی سیاسی لەو چوارچێوەیەدا .

٣ _ بەرپاکردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزە سیاسیە پێشکەوتنخوازانەی کوردستان و ناوچەکە کە لە دژی شەڕ و سیناریۆ ڕەشەکەی ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەکوو تورکیان بەمەبەستی پەرەدان بە چالاکیەکانمان و بەرگری لەمافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان .

٤ _ کۆکردنەوەی لیستی ئیمزا لە دنیادا لە دژی شەڕ و پلانەکانی ئەمریکا و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەکانی دنیا و لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت دا .

٥ _ ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی جیهانی دژی شەڕ و هەوڵەکانی کۆمیتە و بڵاوکردنەوەیان لە ئاستی میدیا و ناوەندی تر لەناوخۆی کوردستاندا .

ئێمە لە ڕێ ی ئەم بانگەوازەوە و بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناسکی کوردستان و ناوچەکە بانگەوازی هەر کەسێک ئەکەین کە لە دژی شەڕی خوێناوی ئەمریکایە لە عێراقدا ، هەموو ئەوانەی پشتیوانی لە گەلی کورد و عێراق ئەکەن لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری لە هەموو جۆرە ستەمێک ، سەر بەهەر میللەت وولاتێکن ، بۆ کۆبوونەوە لە دەوری کۆمیتە و پشتیوانی لە هەوڵەکانی وپەیمانیش ئەدەین کە هەوڵەکانمان لە دژی شەڕی ئێستا لەداهاتوودا بە شێوازی تر لە بەرانبەر درێژەی پیلان و سیاسەتەکانی ئەمریکا درێژە پێ بدەین .

پێکهێنانی کۆمیتەی دژی شەڕ لە ئوستراليا ئەتوانێ ببێ بە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ هەموو کەسانی ئازادیخوازی ناو جالیەی کوردی لەدەرەوە بۆ ئەنجامدانی هەمان ئەرکی چارەنووس ساز .

نا بۆ شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا
نا بۆ ڕژێمی عێراق

کۆمیتەی پێشکەوتنخوازی کوردی ئوستراليا دزی شەڕ
ناوەڕاستی ئازاری ٢٠٠٣